**الاتحاد العام اللاجئين العرافيين**

**فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی**

**INTERNATIONAL FEDERATION OF IRAQI REFUGEES - IFIR**

# کەمپەینی داکۆکی لە مافەکانی پەنابەران و هەنگاوێك بۆ پێشەوە

ڕۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی20/ 6 ژمارەیەك لەپەنابەران لەبەردەم پەرلەمانی فنلاند کۆبوونەوەو دوو شیعاری بەمجۆرە بەرز کرایەوە ( نا بۆ مۆڵەتی B نا بۆ دیپۆرتکردنەوەی پەنابەران – کوردستانی عیراق ناوچەیەکی ئاسایش نیە !). پەنابەران تا کاتژمێر دووی پاش نیوەڕۆ لەبەردەم پەرلەماندا مانەوە . دواتر بە هۆی بەرنامەیەکی هاوبەش لەگەل ژمارەیەك لە ڕێکخراوە فنلاندیەکان، بە بۆنەی ڕۆژی پەنابەرەوە بەرنامەیەکی تایبەت پێشکەشکرا لەمەیدانی((کەمپی)) ناوەندی شاری هێلسنکی کە تیدا جیاواز لە گۆرانی ومۆسیقا وسەما دواتر قسەوباسێکی کورت لەلایەن نووێنەری ئەمنستی ئەنتەرناسیونالەوە پێشکەشکراو پاشان بەرنامەیەکی ( قسەوباسی ڕووبەڕوو) لە نیوان وەزیری کۆچی فنلاند بەڕیز خاتوو Astrid Thorsهەروەها ڕێبوار عارف نوێنەری فیدراسیونی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی پێشکەشکرا، سەرەتا ڕێبوار عارف وێنەیەکی گشتی لەبارو دۆخی پەنابەران بەگشتی و بەتایبەت کێشە هەنوکەیەکانی پەنابەرانی کورد خستەڕوو دواتر چەند پرسیارێکی سەبارەت بە سیاسەتی ( مۆڵەتی B هەروەها مەسەلەی دیپۆرتکردنەوەی پەنابەرانی کورد) ئاڕاستەی وەزیری کۆچ کرد بەمەبەستی قسەوباسکردن لەسەریان .....

پاشان Jukka kokonen وەك نوێنەری کەمپەینی ( نا بۆ مۆلەتی B ) پەیامی کەپەینەکەی بۆ وەزیری کۆچ خوێندەوەو دواتر لەلایەن نووێنەرانی کەمپەینەوە کە بریتی بوو لە Jukka kokonen هەروەها ڕێبوار عارف، پێشەکەشکرا بە وەزیری کۆچ . پاشان وەزیری کۆچ هاوکات لەگەڵ وەلامدانەوە بە پرسیارەکان پەیام وهەڵوێستی وەزارەتی کۆچی بەڕەسمی ڕاگەیاند ووتی: بەلەبەرچاوگرتنی دەخالەت و ڕوونکردنەوەکانی ڕێکخراوە جەماوەریەکان وتاوتوێ کردنێکی وردتری مەسەلەکان لەلایەن وەزارەتی کۆچەوە دڵنیاتان دەکەینەوە کەکۆمەلێك گوڕانکاری یاسای لە بڕیارو مۆلەتی B دەکرێت ولەپاڵ ئەو دەستکاریانەشدا هەولدەدەین کە بڕیاری مۆلەتی B وەك حالەتی تایبەتی بەکاربهێنین.

ڕۆژی دووەم هاوکات لەگەڵ کۆبوونەوەی پەنابەراندا لەبەردەم پەرلەماندا نامەو داخوازیەکانی فیدراسیون لە لایەن ڕێبوار عارفەوە پیشکەشکرا بەنوێنەری مافی مرۆڤی پەرلەمانی فنلاندکراو هاوپێچ ئەم داخوازیانە گەیەنرایە وەزیری کۆچیش. شایەنی باسە لەماوەی ئەم دوو ڕۆژەدا ڕیبوار عارف لەپەیوەند بەکێشەکانی پەنابەران وبارودۆخی سیاسی و ئەمنیەتی کوردستان چاوپێکەوتنی لەگەڵ ژمارەیەکی بەرچاو لەدەزگاکانی ڕاگەیانا ئەنجامدا لەوانە: ڕادیۆی فنلاند، ڕادیۆی گشتی، ڕادیۆی نزیك( ناوچەی هێلسنکی) ڕادیۆی ئەستێرە کەبەزمانی سویدیە، ڕادیۆی فنلاند بۆجاری دووەم، تەلەفزیونی کەناڵی دوو.هەروەها چەندین سایتیش ڕاگەیاندنەکەی فیدراسیونیان بلاوکردەوە کە لەماوەی ئەم دوو ڕۆژەدا سەدان نسخەیان لەنێو ڕێبوارانی شەقامدا لیَ بلاوکرایەوە.

تیبینی/ سەرەتا بڕیار وابوو کە بۆ ماوەی 3ڕۆژ مانگرتن و چالاکیەکانی فیدراسیون بەردەوام بێت، بەلام بەهۆی مراسیمی بەهارانی فنلاندەوە ڕۆژی هەینی بەکردەوە پەرلەمان حالەتی پشوی بەخۆیەوە بینی بۆیە ڕۆژێك پێشتر کۆتای هێنرا بەکارەکانی فیدراسیون. بەلام لەکۆتایدا قسەوباسێکی کورت بۆ پەنابەران کرا بەمەبەستی هەلسەنگاندنی کاروچالاکیەکان ولەپاڵ هەرڕادەیەك لە سەرکەوتن بەڵێنی ئەوە درا کەدوابەدوای کۆتای هاتنی پشووی هاوین لەناوەڕاستی مانگی هەشتەوە دەست بکریتەوە بەدرێژەدان کەمپەینەکە تابەسەرکەوتن گەیاندنی هەموو ئامانجەکانی

**فیدراسیونی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی**

2007 / 7/ 22

POBOX1575,ILFORD IG1 3BZ ,LONDON,UK Tel:0044 7856032991 or 00447895636633
www.csdiraq.com ifir2007@yahoo.com